Tekoshan No.133

ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت

نادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی نافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

Email: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بلاو دەکاتەوە، بەم نادرەسە:

http://www.khabatmedia.com/radio Email: dangikhabat2003@yahoo.com

نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ کۆڕك تیلکۆم – ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course Twenty threeth Year Nomber ((133)) 28of Rashama 2707 Kurdish Colemdar falling no 1386 Hijri I Falling 18th march 2008

شەری دەسەڵات: نـــەوەکانی خـومینی دەڵـێن ئێـــران بـــە دەورانێکی ڕەشدا

تێ دەپەڕێ. حەسەن خومەینی و زەهـــرا ئیـــشراقی، نـــەوەکانی خومـــەینیی لـــە ووتوویـژ لەگـــەڵ ڕۆژنامـــەکانی ئیتالیـــا ڕەخنـــەیان لەشـێوەی هەڵبـژاردنی نمایـشی و سیاسەتەکانی ئەحمەدی نەژاد گرت.

حەسەن خومـەینی لەسـەر نمایـشی هەڵبـژاردنی مەجلیـسی هەشـتەم گووتی: کاتێك چـەك و تەقەمـەنی بێتە مەیدان ووتوویـژ کۆتـایی پـێ دێ و جێگەی نامێنێ.

هـــەروەها زەهـــرا ئیـــشراقی لەووتوویژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئیل ریفورمیستا) گووتی: وولاتـی ئێمـە لەئێستادا لـە دەورانێکـی تاریـك و ڕەشدایە، بەڵام وابیر دەکەمـەوە ئـەو دەورەیە زۆر ناخایێنێ.

زەهرا ئیشراقی گووتی: ئەو لاوانـەی ئەمرۆ ١٣ یـا ١٤ ساڵ تەمەنیانـە ئامادە نین زۆرهێنان و سەرکوتەکانی ئێستا قـەبوڵ بکـەن و بـەم زووانـە کاردانەوەیان لەبەرانبەر ئەو ستەمانە دا دەبێ.

***

بان کی مون سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەخنەی لە ئەحمەدی نژاد گرت

ڕۆژی چـوار شـەمە ١ی ڕەشـەمەی ١٣٨٦، بان کـی مـون سـکرتێری گـــشتی ڕێکخـــراوی نەتـــەوە یەکگرتوەکان قسـەکانی ئەحمـەدی نژاد لە دژی ئیسرائیل، بـە خـراپ زانی و گـوتی ئـەو قسـانە قسـەی سەرۆك کۆماری وەڵاتێك نیـە، کـە زمانی هەڕەشە لـە دژی وەڵاتێکـی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بـە کار بێنێ.

ئەحمەدی نژاد جارێکی دیکە هێرشی کردبـوە سـەر ئیـسرائیل و بـە سەرچاوەی فەسادی نـاو هێنـا بـوو. هەواڵدەری فەرانسە بـاڵاوی کـردەوە، سەفیری ئیسرائیل قسەکانی ئەحمەدی نـژاد بـە قسـەی شەخسـی نـاوبرد و گوتی: ناوبراو عەقڵی خۆی لە دەست داوە هـــەروەها گـــوتی ئـــەو پرۆپاگەندانەی ئەحمەدی نژادەیکا لە پرۆپاگەندەی ئاڵمانی نازی دەچن.

ووتەی بەنرخ

گەورەترین هونەری ژیان، سوود وەرگرتن لە دەرفەتە لەبارەکانی ژیان کە بەسەرمان دا تێدەپەڕن. (سالوئیل)

شۆڕش کردن زۆر ئاسانە، بەڵام ڕاگرتن و درێژە پێدانی ئەستەمە. (ڕۆماریۆ)

ئەگەر دەتەهەوێ منداڵی ژیر و ئاقڵت هەبێ، زانا و ڕوناکبیر بە. (ئالبرت هۆبارد)

ئازادی بۆ مرۆڤ نایەتە خوارەوە و پێویستە مرۆڤ بۆی سەرکەوێ.

موبایل و تێکچوونی خەو

بە پێی لێکۆڵینەوە نوێکان سەلمێندراوە کە کەڵك وەرگرتن لە موبایل پێش نووستن دەتوانێ خەوی ئێوە تێك بـدات. تیـشك هاوێـشتی موبایـل دەبێتـە هـۆی بـێ خـەوی و سەرئێـــشە و تێکـــەڵ و پێکـــەڵی لـــە خـــەودا.

BengtArnet ماموسـتای لێکۆڵـەر دەڵـێ: ئـەو لێکۆڵینەوانە زۆر بە جیدی پێشنیار دەکـەن کـە کـەڵك وەرگرتن لـە موبایـل لەگـەڵ تـاڵوگۆزە تایبەتیـەکان لـە بەشەکانی بەرپرسی مێشك بۆ کاروبـاری چـالاك کـردن و هەماهـەنگی سیـستەمی عەسـەب لـە پێوەنـدی دایـە. لەدوای ئەو لێکۆڵینەوەیە ڕاسپێردراوە کە باشـترە کـەمتر لەموبایل کەڵك وەرگیرێ . لە مانگی سێپتامبری ڕابردوو ، لێکۆڵینـــەوەیێکی شـــەش ســـاڵانەی ناەنـــدێکی لێکۆڵینەوەیی باسی لەوە کرد، کە موبایل مەترسیێك لـە کـورت مـاوە دا بـۆ مێـشك دروسـت ناکـات، بـەڵام لێکۆڵەرەوان ناتوانن کەڵك وەرگرتنـی درێـژماوە کـە دەبێتـە هـۆی بەرەوسەرچـوونی مەترسـی سـەرەتان لەبەرچاو نەگرن.

ئێران گەرەترین زیندانی ڕۆژنامەوانان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە

ڕۆژنامەوان لەلایەن لێپرسراوانی دادوەری ئەمنیـەتی، بانگ و لێکۆڵینەوەیان لێکراوە و ئەمجار حوکمی قورس لە ئەشکەنجەی زۆر هەتا ئیعدامیان بەسەر دا سـەپاوە.

لـــەو پێوەندیـــەدا جێگـــەی ســـەرنجە لـــە دوای هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی هەشتەم ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەمە بلاوکراوەکـانی (دنیـای تـصویر، هفـت، ندای ایـران، بـازنگری، صـبح زنـدگی، شـۆکا و هـاوار) ئیـزنـی بلاوبونەوەیان لێ سەندراوە.

(جگەرە کێشان ئەگەری تووشبوون بـە نەخۆشـی دڵ و هەناسـەدان و تووشـبوون بـە سەرەتانی سیپەلك زۆر دەکات)

قازا نجەکانی تەرکی سیگار

جەستەدا نامێنێت و هەستی بۆن کردن و تـام کـردن دەگاتـە ڕادەی سروشـتی خۆی.

دوای (٧٢) ســـاعەت ووزەی گـــشتی جەستە زیاد دەکات.

دوای (٢) حەوتوو هاتووچۆی خوێن لە جەستەدا بەرەو بـاش بـوون دەروات و ئـەوەش تـا (١٠) حـەوتووی دیکـە بەردەوامە.

دوای(٣ تـا ٩) مـانگ، کێـشەکانی هەناسەدان کەم دەبنەوە.

دوای (١) ساڵ مەترسـی سـەکتەی دڵ دەگاتە نیوە.

دوای(١٠) ساڵ ترسـی تووشـبوون بـە ســەرەتانی ســیپەلك لـــەو کەســـەی سیگاری تەرك داوە دەگاتە ڕادەی ئـەو کەسانەی کە دوورن لە سیگار کێشان.

دوای (١٥) ساڵ، مەترسی سەکتەی دڵ لەو کەسەی کە سیگاری تەرك کـردووە وەکـــوو کەســـانێکە کەجگـــەرەیان نەکێشاوە.

هەڵبژاردنەکانی حیزبی بۆ پاڵێورانی سەرۆك کۆماری ئەمریکا

کێ بەرکێ و پروپاگەندەی پاڵێوراوان بۆ وەدەست هێنانی ســەرۆك کۆمـاری داهاتووی ئەمریکا بە شێوەیێکی بەرین لە ئارادایە. لـە حیزبـی دیمـوکرات دووکەسی دیار و بەرچاو شانسی سەرکەوتنیان زیاترە کە ئەوانیش بریتین لە باراك ئوباما و هیلاری کلنتون. بە پێی سەرژمێریەکان بـاراك ئوبامـا لـە هیلاری کلنتون لە پێشترە، هەرچەند باراك ئوباما لـە ئەیالـەتی تگـزاس و ئوهایوو سەرکەوت، هـیلاری کلنتـون سـەرکەوتنی وەدەسـت هێنـا، بـەڵام بەوجۆرەش پێشبڕکێکان لەنێوایان لە ئارادایە.

هەل و مەرجی پروپاگەندە لە حیزبی دیموکرات بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوان لـە چاو حیزبی کۆماری خوازان، گەرم و گوڕترە. دوو پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ سەرکەوتنیان، هێرشی پروپاگەندەیی دەکەنە سەر یەك و هەر کام بەرنامەی ئەوی دیکە بەلاواز دەزانێ. هیلاری کلنتون، باراك ئوباما بە بێ توانا و کەم تەجروبە ناو دەبا و لە بەرانبەردا، باراك ئوباما بەرنامەی هیلاری کلنتون لە پێوەند بە پـەرە پێدانی بیمـەی دەرمـانی و پـەیمانی بازرگـانی ئـازاد لـە ئەمریکای باکوور بە ناتەواو و ناراست دەزانێ.

لە هێرشی پروپاگەندەیی وێنەیێکی باراك ئوباما لە سایتی ئینترنێتیەکانـدا بلاو بۆوە کە جلی سومالێی و عەمامـەیێکی سپی لـە سـەر کردبـوو، کـە ئوباما و لایـەنگرانی هـیلاری کلنتـون و ئەنـدامانی سـتادی هەڵبـژاردنی تاوانبار دەکەن کە باراك ئوباما لایەنگری هـیلاری کلینتـۆن و لایـەنگرانی ئەوانیان بە بلاوکردنەوەی ئەو وێنەیە تاوانبار کرد.

ئەو هێرشە پروپاگەندەیەی دوو پـاڵێوراوی سـەرەکی حیزبـی دیمـوکرات بـۆ سەرۆك کۆماری ئەمریکا بۆ سەر یەکتر، زیانی گەورە دەگەیێنێ بـە سـیمای هەر دووکیان و ئەگەر هەرکامیان پالیوراوی و نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات وەدەست بێنن بێ گومان، بەو پروپاگەندە خراپانـەی لـە بەرانبـەر یـەکتردا ئەنجامی دەدەن قازانجی بۆ کۆماری خوازان و پاڵێوراوانی بە دواوە دەبێ بـۆ هەڵبژاردنەکان بەتایبـەت کـە پـاڵێوراوانی ئـەوان یـەك دەسـتتر و کـەمتر پروپاگەندەی خراپ لە دژی یەکتریان ئەنجام دا.

بێ گومان سەرکەوتنی بارك ئوباما وەك پاڵێوراوی سەرەکی دیموکراتەکان بە قازانجی کۆمـاری خوازەکانـە و سـەرکەوتنی هـیلاری کلینتـون بـە زیـانی کۆماری خوازەکانە. بە چـەند هـۆ یەکـەم ئـەوەی، بـاراك ئوبامـا خـاوەن تەجروبەی ئەوتۆ نیە بۆ ئیدارە کردنـی ئـەمریکا و ئەگـەریش بـە چـەندین پروپاگەندە بەناو چاکسازی باشتر کردنی وەزعی ئابووری ئەمریکا و بریـاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق توانیویە ڕای خەڵکی ماندووی ئەو وەڵاتە لە شەر و کوژرانی سەربازەکانیان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. بـێ گومـان ئەو پشتیوانیەی خەڵك و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات لە باراك ئوبامـا، تـا سەر نامێنێ و دوای ئەوەی هێندێك هەراو هوریای پروپاگەندەیی کەم بۆوە، خەڵك بە خۆیاندا دێتەوە، ئەو کات دیموکراتەکان ناتوانن لەو هەل و مەرجە لە بارەی کە ئێستا بۆیان هەڵکەوتوە، بە قـازانجی خۆیـان کـەڵك وەرگـرن. هۆییکی دیکەش ئەوەیە کە دوای یەك لابوونەوەی پاڵێوراویی باراك ئوباما، وەك یەکـەم ڕقەبـەر و کاندیـدی دیموکراتـەکان لـە بەرانبـەر پـاڵێوراوی کۆماریخوازەکان، بێ گومان کەم بوونـەوەی پـشتیوانی جـەماوەریی و کـەم تەجروبەیی ناوبراو دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی خۆشەویستی کۆماریخوازەکان و ئەو ئەگەرە زیاتر بە هێز دەبێ کە کۆماریخوازەکـان سـەرکەوتن وەدەسـت بێنن و جارێکی دیکە لە کۆشکی جێگیربنەوە. بەڵام ئەگەر هیلاری کلنتون و پاڵێوراوی سەرەکی دیموکراتەکان بێ، ئەو کات بە زیانی کۆماریخوازەکـان تەواو دەبێ چونکە هیلاری کلنتون لەگەڵ ئەوەی ئامادەمان پێ کـرد خـاوەن تەجروبەی زیاترە لە هەمان کاتدا بە جیاواز لە دیموکراتەکان تەنانـەت ئـەو کەسانەی کە سەر بە هـیچ کـام لـە حیزبـی کۆمـاریخواز و دیـموکرات نـین، موتمانەیان بە توانای هیلاری کلنتون زیاتر دەبـێ، جـان مـەکین پـاڵێوراوی کۆماریخوازەکان ئەو کات شانسی سەرکەوتنی کەمتر دەبێتەوە.

کۆماریخوازەکان لەلایەن زۆرینەی یەهودیەکانەوە پشتیوانیان لـێ دەکـرێ و توانای مادیی باشـیان هەیـە و هـەروەها زۆرینـەی هێزەکـانی سـەربازیش پشتیوانیان لێ دەکەن.

بۆیە دەبێ چاوەروان بین و بزانین کـێ وەك پـاڵێراوی سـەرەکی دیموکراتـەکان دەنگ دێنێ و دەبێتە ڕقەبـەری پـاڵێوراوی کۆماریخوازەکـان بـەوە ئـەگەرێ ئەگەری ناکامی دەنگدانەکانیش بەراورد بکرێ.

***

((دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران))

دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران،

دەنگی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی نێرانە

دەنگی خەباتی کوردستان، هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعات و نیوێك،

یەك سەعات بە زمانی کوردی و نیوسەعات بە

زمانی فارسی، لە سەعاتی ٧/٣٠ بۆ ٩ی نێوارێ بەکاتی تاران، لەسەر شەپۆلی کورت، ڕەدیفی ٧٣ میتر بلاو دەکاتەوە.

دەقی ئەو بەرنامە لەسەعاتی ٧/٥ بۆ ٩ی بەیانیی ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بلاو دەکاتەوە.

بڕوخێ ڕژیمی ئاخوندیی ئێران